کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-4-2007 13:20

**د. چۆمان هەردی: تا ئێستا ئەنفال بۆ هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان و وەک کارتی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بەکارهاتووە ... دیمانە: ئاسۆ عوسمان- ستیڤان شەمزینانی**

لە هەفتەی ڕابردوودا (د. چۆمان هەردی) لەسەر داوەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان سەردانی کوردستانی کردەوە بۆ سازدانی چەند کۆڕێك لە زانکۆکانی کوردستان لەمەڕ ئەنفال کە ئەو کۆڕانە بەشێك بوون لە تێزی دکتۆرای ناوبراو لەمەڕ ژنانی ئەنفال، نێوەند ئەم گفتوگۆ کورتەی لەگەڵ د. چۆمان سازدا دەربارەی دۆزی ژنانی ئەنفال.




*: تۆ پرۆژەیەکت هەیە بۆ ژنانی ئەنفال کە خۆی لە تێزی دکتۆرادا دەبینێتەوە، ئێستاش ئێوە داوەت کراون بۆکوردستان و لەزانکۆکانیش کۆڕتان سازداوە، دەکرێت بپرسین ئەو پرۆژەیە چییە کە تۆ کارت لەسەر کردووە؟

د. چۆمان: ئەو فاکتانەی چیرۆك و داستان و مێژووی ئەنفال پێکدێنن کۆمەڵێك فاکتن، من پرسیاری ئەوەم هەیە کە ئاخۆ ئەو فاکت و چیرۆکەی تا ئێستا ئێمە بیستوومانە تا چەند نوێنەرایەتی ئەزموونی ژن دەکات؟ هەم لەکاتی ئەنفال و هەم لە پاش ئەنفال.

ئێمە دەزانین کۆمەڵێك فاکت و حەقیقەت ئەم مەسەلەیە دروست دەکەن، وەك ژمارەی گوندە کاولەکان و ژمارەی قوربانییەکان و مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گۆڕی بە کۆمەڵ و تێکشکاندنی شۆڕشی کوردیی، بەڵام تا چەند تەرکیز کراوەتە سەر ئەوەی ژن لەو کاتەدا چی بەسەرهاتووە و ژن لە پاش ئەنفالیش چی بەسەر هاتووە؟ من پێموایە (ئەمە نەك ڕای منە بە تەنیا بەڵکورای زۆربەی فێمینیستەکانی دنیایە) کە مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەنووسرێتەوە، دەسەڵاتدارانیش ئەو بەشەی مێژوو دەنووسنەوە کە بەدڵی خۆیانە، دیارە کۆمەڵێك خەڵك لەو کاتەدا دەکەونە پەڕاوێزەوە.

*: کەواتە تۆ پێتوایە مێژوو غەدری لە ژن کردووە وەك مرۆڤێك؟

د. چۆمان: بێگومان ئەوە حەقیقەتێکە، شتێك نییە کە من ڕای خۆم بێت، هەربۆیە فێمینستەکان کاری زۆریان کردووە بۆ خوێندنەوەی جارێکی تری مێژوو هەم بەشی ڕابردوو، هەم کارەساتەکانی ئێستاو هەم مێژووی مۆدێرنی ئێمە کەشتێك دەنووسرێت تا چەند نوێنەرایەتی ژنان دەکات، نەك هەر ژنان، بەڵکو پەنابەران لە ئەوروپا یان ڕەشپێستەکان.

بەردەوام دەسەڵات مێژوو دەنووسێتەوەو کۆمەڵێك خەڵکیش دەکەونە پەراوێزییەوە وەك کەمایەتییەکان و ژنان و هۆمۆکان و زۆرخەڵکی تر.

*پرۆژەکەی تۆ تەنیا وەك تیۆر دەمێنێتەوە یان هەوڵیش دەدەیت لە پراکتیکدا کار بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال بکەیت؟

د. چۆمان: ئەوەی من کردوومە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییەو کاری پراکتیکم نەکردووە لەگەڵ ژنانی ئەنفالدا، بەڵام سەردانی زۆربەی ئەو خەڵکانەم کردووە.

*:ئەو کۆڕەی لەزانکۆی سلێمانی سازتدا بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی خوێندکارانی زانکۆ چۆڵ بوو، تۆ پێتوایە ئەمە کاڵفامی تێگەیشتنی ئێمەیە لە ئەنفال؟

د. چۆمان: تەسەور دەکەم بەشێکی هی ڕیکلام کردنەکەی بێت، کە تەنیا لە ڕادیۆی نەواوە ڕیکلامی بۆ کراوەو چەند لافیتەیەکیش هەڵواسرابوو، بەڵام ڕەنگە ئەگەر لەیەکێك لە ڕۆژنامەکانەوە بانگەوازی بۆ بکرایە قەرەباڵغتر بوایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من پێم خۆشبوو خەڵکی تر بهاتایە بەتایبەت قوتابیانی زانکۆ، چونکە ئەم کۆڕ بە تایبەت بۆ ئەوان بوو، بۆیە لە هەریەك لە زانکۆکانی سلێمانی و رانیەو دهۆك سازدرا، لەزنکۆی رانیە بەسەدان کەس هاتبوون، بەڵام لە زانکۆی سلێمانی زۆربەی قوتابییەکان لەناو قاعەکاندا هاتووچۆیان دەکردو نەدەهاتن، لە هەمان کاتدا من پێم وایە ئەگەر چوار کەس بێت لە باسەکە تێبگات باشترە لەوەی دووسەد کەس بێت نەتێبگات تۆ چی دەڵێی و نەکاریگەریی هەبێت. بۆنموونە هەندێ لەو کەسانەی هاتبوون دەیانووت تۆ جینۆساید کورت مەکەرەوە لە ئەزموونی ژندا!.

یانی هەر تێنەگەیشتبوو من دەمەوێ بڵێم چی، دەیانووت جینۆساید بەسەر هەموو کورددا هاتووە نەك وەك ژن و پیاو، لەکاتێکدا من باسی ئەوەم نەکردبوو کە جینۆساید بەسەر ژنی کورددا هاتووەو بەسەر گەلی کورددا نەهاتووە.

*: پێتوایە حکومەتی هەرێم کاری کردووە بۆ ئەنفال هەم لەڕووی ناساندنی پرۆسەکە بەدنیای دەرەوە هەم لەڕووی باشترکردنی ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوان؟

د. چۆمان: پێموایە دەبێت حکومەتی کوردستان لەسەر سێ ئاست کاربکات، یەکەم: ئاستی یارمەتیدانی دەربازبووانی ئەنفال واتە یارمەتیدانی پراکتیکیان لەڕووی هەژارییەوە، لەڕووی خانووبەرەوە، لەڕووی پێداویستی پزیشکی و دەرمانەوە، لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان.

دووهەم: بەئەرشیفکردنی ئەنفال، ئێمە ئێستا دەزانین ئەو داتایانەی هەمان لەسەر ئەنفال تەواونین، سەر ژمێرییەکان هەندێکیان لای پارتییەو هەندێکیان لای یەکێتییەو بەشێکی لای تاکە کەسەو هیچی کۆنەکراوەتەوە، ئێستاش ژمارەیەکی تەواوەتیمان نییە لەسەر لەناوچووانی ئەنفال.

سێهەم: ناساندنی ئەنفال لەدەرەوەی وڵات، جاناساندن لەڕووی پشتیوانیکردن لە کاری ئەکادیمییەوە بێت یان لە هەر رێگەیەکی ترەوە، بۆ ناساندنی ئەنفال لەدەرەوەی وڵات پێویستە کاری ئەکادیمی بکەیت، تۆ پێوستت بەوە نییە قسەی زل بکەیت، چونکە ئەم قسەزلانە لە ئەوروپا ناخوات، بەڵکو ژمارەو لێکۆڵینەوەو داتای زانستیت پێویستە.

*: ئەگەر لە دەرەوەی وڵات هاوڵاتییەکی بیانی لێت بپرسێت ژمارەی ئەنفال کراوان چەندن؟ چی وەڵام دەدەیتەوەو کام ژمارەی دەدەیتێ؟

د. چۆمان: باشترین داتا هەمانبێت ئەوەی چاودێریی مافی مرۆڤە کە دەڵی لە نێوان 50-100هەزار کەس بوون، بەپێی لێکۆڵینەوەی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلاو رێکخراوەکەیان رەنگە ژمارەیان بگاتە 70 هەزار کەس، بەڵام با لەبیرمان نەچێت ئەوان تەنیا باسی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکەن، بۆیە ئەگەر سەرژمێرییەکی تەواومان بووێ دەبێت باسی ئەوانەش بکەین کە بەکیمیایی یان لە کەمپەکاندا لە برس و نەخۆشیدا مردوون، رەنگە ئەگەر ئەمانە هەمووی کۆبکەینەوە بگاتە 80-85 هەزار کەس، بەڵام من نامەوێ بڵێم ئەوەندەیە، من دەڵێم لەنێوان 50-100 هەزار دایە.

*: ئەی ئەوە نابینرێت دەسەڵاتی کوردیی ئەنفال بۆ بازرگانی و ریکلامێکی بەرژەوەند خوازانەی خۆی بەکار دەهێنێت و هیچی تر؟

د. چۆمان: یەکێك لەو شتانەی لە لێکۆلینەوەکەمدا باسی دەکەم ئەمەیە، کە ئەنفال بۆ گوشاری سیاسی و هاندانی خەڵك بۆ دەنگدان و وەك کارتی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بەکارهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی کوردستان بە برینەوەی موچە هەوڵیداوە یارمەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بدات، بەڵام بەپێی وتەی (عەدالەت عومەر) راوێژکار لە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوە رەنگە 60% پاشماوەیئەنفالەکان ئەو موچەیە وەرنەگرن، کەواتە شتەکە بە ئەندازەی پێویست نەبووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

*: دوایی پرۆسەی دادگایی کردنی سەرانی بەعس لەسەر دۆسیێی ئەنفال، تا چەند ئەم دادگایە کۆمەکی کردووە بەناساندنی ئەنفال لەدەرەوەی ولات؟

د. چۆمان: هەندێك لەو دیکۆمێنتانەی نیشاندران شتێکی زۆرباشبوون، پێش سێ ساڵ هیچ شتێك لەسەر ئەنفال نەبوو لە ئینتەرنێت و رۆژنامەبیانییەکاندا، ئێستا رۆژانە باسی چەکی کیمیایی دەکرێت، باسی گۆڕی بەکۆمەڵ دەکرێت، ئەمانە هەمووی شتی باشن، چونکە بۆ یەکەمجار ئەنفال لە ولاتانی عەرەبی و لە ئەوروپا دەنگیدایەوە.

*: لە دیدی ئێمەدا ئەنفال یەك دیوو و رەهەندی بەخۆوە گرتووە کە کارەساتە مرۆیی و سڕینەوە فیزیکییەکەیە، دەبینین چیرۆکە وردەکانی ناو ئەنفال فەرامۆشکراون لەوان چیرۆکی ژنانی ئەنفال، بیردەکەوە مێژووی ئێمە مێژووی رەگەزی نێرە، تۆ توانیوتە ئەوچیرۆکە وردانە باسبکەیت؟

د. چۆمان: لێکۆڵینەوەکەی من کت و مت ئەوەیە، تۆ رێك ئەو قسانەت کرد کە من دەمەوێ بیکەم، خۆی مێژووی ئێمە دەسەلاتدار دەینووسێتەوە، دەسەلاتیش کۆمەڵە خەڵکێك دەخاتە پەراوێزەوە، یەکێك لەوانە ژنانی ئەنفالە کە گوێ لە چیرۆکە وردەکانیان نەگیراوە.

*: ئەنفال و هۆلۆکۆست دوو رووداوی جینۆسایدن لە دوو ماوەی مێژوویدا بەلام بە بەراورد بە هۆلۆکۆست، ئەنفال کاری لەسەر نەکراوە بەتایبەتی کاری ئەکادیمی، ئەمە بۆچی؟

د. چۆمان: کۆمەڵێك فاکتۆر هەیە، یەکەم بەراستی جولەکە زۆر لە ئێمە رێکخراوترن لەناوخۆیاندا، گرنگی زۆر بە مەسەلی نەتەوەیی خۆیان دەدەن و دەزانن ئەو دۆزە چەند گرنگە بۆیان.

تا ئێستا زۆربەی کورد لە گرنگی ئەنفال تێنەگەیشتووە، لە هەندێ لەو سیمینارانەدا کە گرتوومە گەنج هەستاوە وتوویەتی تاکەی باسی ئەنفال دەکەن با لەبیری بکەین! من وتم تۆ بیستووتە فەیلەسوفێك دەڵێ ئەگەر نەتەوەیەك کارەساتەکانی مێژووی خۆی لەبیربکات مەحکومە بەوەی جارێکی تر تیا بژی.

دووەم: بۆ ئەوەی بتوانی بە چڕوپڕی کاری ئەکادیمی بکەیت و لایەنە جیاوازەکانی لێکبدەیتەوە پێویستیت بە پشتیوانی مادییە، پشتیوانی مادیش کێ دەیکات؟حکومەت دەیکات، بەلام بەداخەوە تا ئێستا سیاسییەکان تێنەگەیشتوون لەگرنگی ئەنفال.

*: جولەکە بە چەکی هۆلۆکۆست دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروستکرد، ئایا جینۆساید بۆ کوردیش هەمان شت دەبێت و کورد دەتوانێت بە ئەنفال دەوڵەت دورست بکات؟

د. چۆمان: باگرێی نەدەینەوە بە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتەوە، پێموایە دەبێت ئەنفال ئەوەمان بیربخاتەوە کە دەبێت ئێمە گرەنتییەکمان هەبێت تا ئەنفال دووبارەنەبێتەوە، جا ئەو گرەنتییە فیدراڵیزمە یان سەربەخۆیی، گرنگ ئەوەیە رێگە بگرین لەو پرۆسانەی کە جارێکی تر ئێمە دەبەنەوە بۆ ئەو خاڵە.

*: لە حکومەتی هەرێمدا وەزارەتێك هەیە بەناوی وەزارەتی شەهیدان و ئاوارەو ئەنفال پێتوایە ئەم وەزارەتە بتوانێت کاری جیدیی لەسەر ئەنفال بکات بەتایبەت بەداتاکردنی پرۆسەکە؟

د. چۆمان: وەك ئاگادارم بڕیار وایە دیسان دەست بکەنەوە بە کۆکردنەوەی بەڵگەو داتا بۆ ئەوەی سەرژمێرییەکی تەواوەتی هەبێت لەسەر ئەنفال، وابڕیاریشە چنار خان قسە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی پسپۆڕ بکات بۆ ئەوەی دەست بەو کارە بکەن، من نامەوێ لە ئێستاوە بڕیار بدەم کە ئەوان ناتوانن، هیوادارم بتوانن، بەلام دەڵێم بابوەستین و لە ئێستاوە بڕیار نەدەین و بزانین چی دەکەین ئەوجا قسە بکەین.

نێوەند: دواجار دەپرسم دۆزی ئەنفال بەتایبەت لە دەرەوەی ولات روو لە هەڵکشانە یان بە پێچەوانەوە بەتایبەتی لە رووی ئەکادیمییەوە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

د. چۆمان: ئەنفال بەشێوەیەك کە ناسرا لەڕێی دادگایی کردنی سەدامەوە بوو، بەڵام لەڕووی ئەکادیمییەوە تازە سێ چوار کەسی کورد پەیدابووەو کاری لەسەر دەکەن، یانی هێشتا لەسەرەتای پرۆسەکەداین، ناتوانم بشڵێم دەستی پێکردووە، چونکە تۆ بەیەك لێکۆڵینەوە بەرەو پێش ناچیت، پێویستیت بەسەدان کتێب هەیە بۆ ئاگایی و تێگەیشتن لە دۆزی ئەنفال.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.